# سەرەتاکانی فێربوونی ئامێری عود

## ئامادەکردنی

پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی

هەولێر- کوردستان
٢٠٢٦

ناوی کتێب: سەرەتاکانی فێربونی ئامێری عود ئاستی یەکەم (١)
ناوی نووسەر: پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی
بابەت:  هونەری - موزیک
چاپخانە:  هێڤی
تیراژ:  ٥٠٠ دانە
دیزاینی بەرگ: م.ی.عادل زرار
بەڕێوەبەوری چاپ و بڵاوکردنەوە: م.ی.هەرێم جمال
نۆرەی چاپ: یەکەم
ژمارەی سپاردن ( ١٤٢ ) ساڵی ٢٠٢٥ی بۆ دانراوە
نرخ:  ٥٠٠٠

زانكۆی ........
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
بەشی موزیک

University of ……
College of Fine Arts
Department of Music

خشتەی پڕاكتیكی بابەتەکانی ئامێری عود
بۆ سمستەری یەکەم ساڵی یەکەمی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانكۆی ......
٢٠٢ _ ٢٠٢

ئامادەكردنی قوتابی

...................................................

بەسەرپەرشتی مامۆستای بابەت

...............................................

خشتەی پڕاکتیکی بابەتەکانی ئامێری عود
بۆ ساڵی یەکەم لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی ......
٢٠٢ _ ٢٠٢

ناوی قوتابی:

قۆناغی خوێندن: یەکەم

ناوی مامۆستای سەرپەرشتیار:

سمستەری: یەکەم

سکێڵ:
ئارپێج:
ڕاهێنان:
پارچە موزیک:

---

سمستەری: دووەم

سکێڵ:
ئارپێج:
ڕاهێنان:
پارچە موزیک:

## پێشەکی

عود بە یەکێک لە کۆنترین ئامێرە ژێدارەکان دادەنرێت لە مێژووی شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتیدا، و بە درێژایی سەردەمەکان بناغەی چەندین ئامێری هاوشێوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکهێناوە. بەڵگە شوێنەوارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕەگەکانی عود دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیا زیاتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، لەوێ مۆدێلی سەرەتایی ئامێرەکە بە ملی درێژ و جەستەیەکی تەختە لەگەڵ یەک یان چەند ژێ دەرکەوت و لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و ئاهەنگە شاهانییەکاندا ژەنراوە. هەروەها وێنەکێشان لەسەر تابلۆی سۆمەری و بابلی ئامێرە ژێدارەکان نیشان دەدەن کە زۆر نزیکن لە عودی هاوچەرخ. لە سەردەمی دواتر، ئامێرەکە گواستیەوە بۆ شارستانیەتی فارس و پاشان بۆ جیهانی عەرەبی، لەوێ بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. لە سەردەمی ئەمەوی و عەبباسییەکاندا، عود پێگەیەکی بەرزی بەدەستهێنا، بەتایبەتی بە هەوڵی موزیک ژەنی گەورە زیریاب، کە عودی هێنایە ئەندەلوس و ژێی پێنجەمی بۆ زیادکرد، هەروەها پێشکەوتنی لە بنیاتنان و تەکنیکی ژەنینی پێشکەش کرد. لە سەردەمی عەبباسییەکاندا، بەشێک لەزانایان وەک فارابی و کیندی و ئیبن سینا لە خوێندنە تیۆرییەکانیاندا پشتیان بە ئامێری عود دەبەست و کردیان بە بنەمایەک بۆ شیکردنەوەی شێواز و ڕەهەندەکانی موزیک.


لەگەڵ ژیانەوەی موزیکی عەرەبی هاوچەرخ، موزیکژەن و هونەرمەندانی بەناوبانگ دەرکەوتن، وەک فەرید ئەترەش، ریاز سونباتی، مونیر بەشیر، جەمیل بەشیر، نەسر شەمە هیتر، کە بەشدارییان کرد لە فراوانکردنی تەکنیکی ژەنینی و ناساندنی ئەزموونی نوێ لە پێرفۆرمەنس و ئاوازدانان. ئەمڕۆ، عود جێگەی خۆی وەک سیمبولی موزیکی ڕۆژهەڵاتی دەپارێزێت، شاهیدی پێشکەوتن لە دیزایندا دەبێت، وەک بەکارهێنانی داری مۆدێرن، زیادکردنی ژێی شەشەم و حەوتەم، و پشت بەستن بە گەورەکەری دەنگ لە عودی کارەبایی. هەروەها ئێستا بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە پەیمانگاکانی موزیک لە سەرانسەری جیهاندا دەخوێنرێت و لە شێوازەکانی موزیکی هاوچەرخ بەکاردەهێنرێت، کە بەردەوامی بوونی و کاریگەری لە ڕابردووەوە تا ئێستا دوویپات دەکاتەوە. لەگەڵ گواستنەوەی عود بۆ ئەندەلوس، بوو بە بەشێک لە کەلتووری موزیکی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و دواتر یارمەتیدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی عودی ئەورووپی کە لە سەردەمی ڕێنێسانس بڵاو بووەوە. هەرچەندە جیاوازی لە شێوە و پێکهاتەدا هەیە لە نێوان عودی ڕۆژهەڵاتی و عودی ڕۆژئاوایی، بەڵام بنچینەی مێژوویی هەمان شتە.

لە سەردەمی عوسمانی و سەفەوییەکاندا، عود لە ڕووی ژمارەی ژێ و چۆنیەتی پیشەگەرییەوە گەشەی زیاتری بەسەردا هات و بوو بە ئامێرێکی


سەرەکی لە ئۆرکێسترای ڕۆژهەڵات و کۆبوونەوە فەرمییەکانی موزیک. ئەم پەرەسەندنانەش تا ئەمڕۆمان بەردەوامن.




# بەشەکانی ئامێری عود






ژێیەکان




**وانەی یەکەم/** لەم وانەیەدا ناوی وەتەرەکانی ئامێری عود و شوێن پەنجەکان لەسەر ئامێرەکە و ناوی دەنگەکانی موزیکی لەسەر پلیکانەی موزیک و هێماکانی گۆرانکاری بە فێرخواز ئاشنا دەکەین.






| | | |
|---|---|---|
| دێز | # | نیوتۆن بەرز دەکاتەوە |
| بیمۆڵ | b | نیوتۆن نزم دەکاتەوە |
| بیکار | ♮ | گێڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی |
| دەبڵ دێز | X | یەک تۆن بەرز دەکاتەوە |
| دەبڵ بیمۆڵ | bb | یەک تۆن نزم دەکاتەوە |




شێوازی بەستنی وەتەرەکانی ئامێری عود

**وانەی دووەم/** لەم وانەیەدا دەبێت فێرخواز فێری ناساندنی کاتەکانی موزیک و خایاندنیان بێت لەسەر پلیکانەی موزیک.



| | | |
|---|---|---|
| روند<br>Ronde | 4 | **چەپڵە** |
| بلانش<br>Blanche | 2 | **چەپڵە** |
| نوار<br>Noire | 1 | **چەپڵە** |
| كروش<br>Croche | 1 / 2 | **چەپڵە** |
| دبل كروش<br>Double Croche | 1 / 4 | **چەپڵە** |
| تريبل كروش<br>Triple Croche | 1 / 8 | **چەپڵە** |
| كوادريبل كروش<br>Quadruple Croche | 1 / 16 | **چەپڵە** |

***تێبینی//***

هەر لێدانێک (چەپڵەیەک) بە شێوازی ڕیشەی عود دەبێت بە چوار بەش و بە شێوەی (٨٧٨٨) دەژەندرێت، ژمارەی هەشت (٨) واتە ئاراستەی ڕیشە بۆ خوارەوە، ژمارەی حەوت (٧) واتە ئاراستەی ڕیشە بۆ سەرەوە.


هەرلەم وانەدا پەیوەندی دەنگی موزیکی لەگەڵ خایاندن (کات)ی دەنگەکە فێری فێرخواز دەکرێت لەسەر پلیکانەی موزیک.




**تێبینی//**

- کاتەکانی موزیک لەسەر هەر هێلێک یا بۆشاییەکی پلیکانەی موزیک بنوسرێن ناوی ئەم هێلە یا بۆشاییە وەردەگرێت، ناوەکانیش بەپێی جۆری کلیلەکانی موزیکی گۆڕانکاریان بەسەردادێت هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆیان کردووە.
- ئەم ڕاهێنانەی سەرەوە دوبارە دەکرێتەوە لەسەر دەنگەکانی (صوٚڵ، لا، ڕێ، صوٚڵ، دوٚ) کە وەتەرە موتڵەقەکانی ئامێری عودن، بەهەمان ئەم کاتانەی کە نوسراوەتەوە لە ڕاهێنانەکەدا.
- مامۆستای وانە دەتوانی هەمان ڕاهێنان بە فیرخوازەکانی دووبارە بکاتەوە بە گۆڕانی کاتەکان وەک (ڕۆند، بلانش، نواڕ، کرۆش...)
- لەم ڕاهێنانە دەبێت توانای خوێندنەوە و تەرکیزی فێرخواز هەڵبسەنگێندرێت کە تاچەند پابەندە بە جوڵەی ڕیشە و ئاراستەکانی ڕیشە بەپێی کاتەکانی موزیک.

**وانەی سییەم/** لەم وانەیەدا فێرخواز ئاشنا دەکەین بە ناساندنی سێ وەتەری یەکەمی ئامێری عود کە بریتین لە (صۆڵ – لا - ڕێ) بەهۆی هەندێک ڕاهێنانی سادە لەسەر پلیکانەی موزیکی.




**تێبینی//**

- نۆتەکان بە کاتی ڕۆند نوسراونەتەوە واتە هەرنۆتەیەک دەبێت (٤) چوار جار بەم شێوەیە (٨٧٨٨-٨٧٨٨-٨٧٨٨-٨٧٨٨) بە ڕیشە لێبدرێت، ئنجا نۆتەکەی دواتر بژەندرێت تا کۆتایی.
- مامۆستای وانە دەتوانی هەمان ڕاهێنان بە فیرخوازەکانی دووبارە بکاتەوە بە گۆڕانی کاتەکان بۆ (ڕۆند، بلانش، نواڕ، کرۆش...)
- ئەم ڕاهێنانە سەرەتا بەخێراییەکی مام ناوەند دەژەندرێت دواتر هێواش هێواش خێراییەکە زیاد دەکرێت تا دەگاتە خێرایی ئەلیگرۆ(**Allegro**). واتە نواڕێک بەرامبەر خێرایی **BPM** ١٢٠ تا ١٦٨ = ♩

ئەمەی خوارەوە هەندێک ڕاهێنانیترە بۆ بەهێزکردنی فێرخواز و ناسینەوەی باشتری نۆتە و خاياندنەکان و بەهێزکردنی دەستی ڕیشە و تەکنیکەکانی.




Exercise 6:





**تێبینی//**

- مامۆستای وانە دەتوانی هەمان ڕاهێنان بە فیرخوازەکانی دووبارە بکاتەوە بە گۆڕانی کاتەکان بۆ (ڕۆند، بلانش، نواڕ، کرۆش...)

**وانەی چوارەم/** لەم وانەیەدا فێرخواز ئاشنا دەکەین بە ناساندنی سێ دەنگیتر لەسەر پلیکانەی موزیک و جێبەجێکردنیان لەسەر ئامێری عود کە بریتین لە (لا – سی - دۆ) بەهۆی هەندێک ڕاهێنانی سادە لەسەر پلیکانەی موزیکی.








**تێبینی//**


- ڕاهێنانەکان بەکاتی نوارِ نوسراون، واتە یەک چەپڵە بۆهەر دەنگێک، دەبێت بەشێوەی (٨٧٨٨) جێبەجێ بکرێت.
- مامۆستای وانە دەتوانی هەمان ڕاهێنان بە فیرخوازەکانی دووبارە بکاتەوە بە گۆڕانی کاتەکان بۆ (ڕۆند، بلانش، نوارِ، کرۆش...)


- **وانەی پێنجەم/** لەم وانەیەدا فێرخواز ئاشنا دەکەین بە ناساندنی وەتەر (ژێ)ی سێیەم لەگەڵ دوو دەنگیتری سەر ژێی سێیەم، لەسەر پلیکانەی موزیک و جێبەجێکردنیان لەسەر ئامێری عود کە بریتین لە (ڕێ – می - فا) بەهۆی هەندێک ڕاهێنانی سادە لەسەر پلیکانەی موزیکی.


**ژێی (ڕێ)**
**بەم جۆرە لەسەر پلیکانە دەنوسرێ**











**تێبینی//**


- مامۆستای وانە دەتوانی هەمان ڕاهێنان بە فیرخوازەکانی دووبارە بکاتەوە بە گۆڕانی کاتەکان بۆ (ڕۆند، بلانش، نواڕ، کرۆش...)، هەروەها بە خێرایی جوراوجۆر.

ئەمەی خوارەوە هەندێک ڕاهێنانیترە بۆ بەهێزکردنی فێرخواز و ناسینەوەی وەتەری (ڕێ) و ئەو دەنگانەی دەکەونەسەر ئەم وەتەرە بۆ باشترکردنی ژەنینی نۆتە و خایاندنەکان و بەهێزکردنی پەنجەکانە دووەم و سێیەم و دەستی ڕیشە و تەکنیکەکانی لەسەر ئامێری عود.













**تێبینی//**


**هێمای ئەستێرە لەژێر نۆتەکان و ئەم هێڵە ڕاستەی درێژ بۆتەوە بۆ نۆتەی دواتر، واتە نابێ پەنجە هەڵگری لەسەر دەنگەکانی پێشوو و ڕاستەوخۆ نۆتەکانی دواتر دەژەنی.**

**پێداچونەوەی تەواوی بابەتەکانی پێشوو و خوێندنەوەی نۆتە نوسراوەکان بەپێی کاتەکانی خایاندن، بە ڕێگای جۆراو جۆری بەکارهێنانی ڕیشە.**





**تێبینی//**

دەنگە گرەکان (قرار) ئامێری عود دەکەونە بەشی سەرەوەی ئامێرەکە، بەڵام لە کاتی نوسینەوەی نۆتە لەسەر پلیکانەی موزیکی دەکەونە خوارەوە، واتە بەپێچەوانەی یەکتری دەنوسرێن و جێبەجێ دەکرێن.

**وانەی شەشەم/** لەم وانەدا هەندێک ڕاهێنانی زیاتر بۆ بەهێزکردنی فێرخواز بەمەبەستی زیاتر ئاشناکردنی بە شوێن و ناوی دەنگەکان لەسەر پلیکانەی موزیک و ئامێری عود.




ئەم ژمارە ئنگلیزیانەی لە ژێر نۆتەکان ناوە ناوە بەدیار دەکەون و دەنوسرێن واتا ژمارەی پەنجەکانە بۆنمونە **o** واتە وەتەری مطلەق وەتەر بێ دانانی پەنجەکان، ژماری سی یان دوو یا هەرژمارەیەکیتربێت واتا لەسەر وەتەرەکە دەبێت دەنگەکە بە دانانی ئەم پەنجەی دیاریکراوە جێبەجێ بکرێت.







هەندێک پارچە ئاوازی بچوک بۆئەوەی فێرخواز بێزار نەبێت و زیاتر هەوڵەکانی قوڵ بکاتەوە و بەبەردەوامی ڕاهێنانەکانی جێبەجێ بکات.



Mary had a little lamb



The Russian Girl




تێبینی//

- ئەم پارچانە دەبێت سەرەتا بە تەڕیقەی ڕیشە واتە (٨٧٨٨) بژەندرێت دواتر بە ڕێگای یەک ڕیشە بەهەمان خێرایی و شێوەی نوسراوە، دواجار فێرخواز ئازادە تەکنیک و جوانکاری بۆ پارچەکە زیاد بکات بەپێی پێویست لەکاتی ژەنیندا بەڕاوێژ لەگەڵ مامۆستاکەی.
- لەکاتی دەنگە درێژەکان فێرخواز دەبێت قەرار و جەوابی دەنگەکان بەکار بهێنێ تا زیاتر ئاشنای شوێنی دەنگەکان و بازدانبێ لەسەر وەتەرەکان.

ئەمانەی خوارەوەش هەندێک ئاوازی بچوک بچوکە دەتواندرێت وەک ڕاعێنان یا پارچەی بچوک و کورت سودیان اێوە ببیندرێت.

طالعة من بيت أبوها




Old Macdonald



**تێبینی//**

**هێمای دەبڵ لاین واتە کۆتایی بەشەکە یا پارچەکە، بەڵام هێمای دەبڵ لاین و دوو نوقتە لە ناوەڕاستی، واتە گەڕانەوەی ژەنین، کەواتە هەرکاتێک ئەم هێمایەمان بینی دەبێت هێمایەکیتر لە پێشوتردا هەبێت بۆئەوەی ئەم نۆتانەی لەم نێوەندەدان جارێکیتر بژەندرێنەوە، ئەگەر هاتوو تەنها یەک دانەبوو ئەوا پارچەکە لەسەرەتاوە دەژەندرێتەوە.**

**وانەی حەوتەم/** لەم وانەدا هەموو نۆتە و دەنگەکانی وەرمان گرتبوون پێیاندادەچینەوە هەروەها پارچە موزیکی ناسراویش دەژەنین.



## Behdînan (Amêdîkê bilinde)

Awaz / Tehsin Taha


Notekirin/Cihgir Enes Amêdî



**تێبینی//**

- **ئەم کەوانەیەی لەسەر نۆتەکان دەبیندرێت پێی دەوترێ لێگاتۆ (Legato) لەسەر دوو نۆتەی وەک یەک دادەندرێت و هەردوو نۆتەکە لێک دەبەستێتەوە بەبێ پچڕان دەژەندرێن، زیاتر لەژەنین بە هۆی کەوان بەدیار دەکەوێت و بۆ ئامێرە کەوانەییەکان دەنوسرێتەوە.**

**وانەی هەشتەم/** لەم وانەدا ئاشنا دەبین بە وەتەری صۆڵ و هەندێک ڕاهێنان و پارچەی نوێ دەژەنین.








**تێبینی//**

- **مامۆستای وانە دەتوانی هەمان ڕاهێنان بە فێرخوازەکانی دووبارە بکاتەوە بە گۆڕانی کاتەکان بۆ (ڕۆند، بلانش، نواڕ، کرۆش...)**
- **ئەم ڕاهێنانە سەرەتا بەخێراییەکی مام ناوەند دەژەندرێت دواتر هێواش هێواش خێراییەکە زیاد دەکرێت تا دەگاتە خێرایی ئەلیگرۆ(Allegro). واتە نواڕێک بەرامبەر خێرایی BPM ١٢٠ تا ١٦٨ = ♩**


ئەمانەش هەندێک ڕاهێنانی یاریدەدەرن بۆ زیاتر بەهێزکردنی توانای فێرخواز



Frere Jacques.




Jingle Bells.




**تێبینی//**

- **ئەم هێمایەی لەناو لاکێشە سورەکەدایە و وەک هێمای دابەشە بە لاری واتای دووبارەکردنەوەی نۆتەکانی خانە (باڕ)ی پێشوە. ئەگەر هاتوو دوو هێل کرابوو لە بری هێلێک ئەوە واتە دووباڕ پێشتر دوبارە دەژەنینەوە.**

**وانەی نۆیەم/** لەم وانەدا فێرخواز ئاشنا دەکەین بە وەتەری پێنجەم واتە دۆی جەواب و ئەودەنگانەی لەسەر ئەم وەتەرەن لەگەڵ هەندێک ڕاهێنان و پارچە موزیکی جیاوازتر لە پارچەکانی پێشوتر.








Do Major Scale





**تێبینی//**

- **لەم وانەیەدا پەیژەی مقامی دۆ مێجەر فێری قەتابی دەکرێت کە هەموو دەنگەکان و شوێن پەنجەکان بەشێوەی سروشتی (بیکار) واتە بەبێ ئەوەی هیچ هێمایەکی گۆڕانکاری دێز یا بیمۆڵ لە پەیژەکەدا بەکار هاتبێ.**
- **مامۆستای وانە دەتوانی هەمان ڕاهێنان بە فێرخوازەکانی دووبارە بکاتەوە بە گۆڕانی کاتەکان بۆ (ڕۆند، بڵانش، نواڕ، کرۆش...)**
- **ئەم ڕاهێنانە سەرەتا بەخێراییەکی مام ناوەند دەژەندرێت دواتر هێواش هێواش خێراییەکە زیاد دەکرێت تا دەگاتە خێرایی ئەلیگرۆ(Allegro). واتە نواڕێک بەرامبەر خێرایی BPM**

**١٢٠ تا ١٦٨ =♩**

**وانەی دەیەم/** لەم وانەدا چۆنیەتی خوێندنەوە و ژەنینی کاتی کرۆش بەشێوەی ڕیشە (٨٧) فێری فێرخوازەکان دەکەین.










**تێبینی//**

**لەکاتی جێبەجێکردن یا ژەنینی نۆتە بە کاتی کرۆش دەبێت ڕەچاوی ئەم هێلەی ئاراستەکراوە لەسەر نۆتەکە بکەین و بەپێی ئاراستەی هیلەکە ڕیشە بەکار بهێنین، واتە ڕیشە جارێک بۆ خوارەوە و جارێک بۆ سەرەوە لێبدرێت. هەرچەند کرۆشیش لەدوای یەک بێن هەر ئاوا دەژەندرێت و نابێ لە نۆتەی دواتری کرۆشەکان (٨٨) بە جوڵەی دوو جار بۆ خوارەوە نۆتەکان بژەندرێن.**

لەم نمونەدا بەکارهێنانی ڕیشە تەنها بۆ سەرەوە و خوارەوە دەبێت بە بەردەوامی واتە بەشێوەی (٨٧).



بەڵام لە نمونەی دووەمدا هەرکاتێک نۆتەکان بە کاتی نوارِ نوسرانەوە ئەوا شێوازی ڕیشە دەگۆڕێت و نۆتەکان بەشێوەی (٨٧٨٨) دەژەنین.












**مقام بيات (ڕێ)**





زينوا المرجة



وين عا رام الله



### دۆلاب بیات ١




### دۆلاب بیات ٢



# سیڤی ئەکادیمی



زانیاری کەسی
ناوی تەواو: چیایی کمال سعدی
پۆستی ئەکادیمی: پرۆفسیۆری یاریدەدەر
ئیمەیڵی زانکۆ: chiey.saddi@su.edu.ked
مۆبایل:٠٠٩٦٤٧٧٠٤٤٨٤٥٥٧

قۆناغەکانی خوێندن:

- ١٩٨٨ تا ١٩٩٤ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی حەپسەخانی نەقیب تەواوکردووە
- ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ خوندنی ناوەندی لە دواناوەندی قەندیلی کوران تەواوکردووە
- ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی موزیک تەواوکردووە
- ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٨ کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیکی تەواوکردووە
- ٢٠١١ تا ٢٠١٣ خوێندنی باڵا ماجستێری لە بەشی موزیکی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە
- ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٣ خوێندنی باڵا دکتۆرای لە بەشی موزیکی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە

شوێنی کار:

- ٢٠٠٠-٢٠٠١ لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی تێکەڵاو لە قەزای خەبات دامەوراوە
- ٢٠٠٨-٢٠٠٩ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەک بڕیاردەری بەشی موزیک دەست بەکار بووە
- ٢٠١٠ تا ئێستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەردەوامە لە ڕاژەکەی

خول و بڕوانامەکان:

- ٢٠١١ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر
- ٢٠١١ بڕوانامەی ئایتی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر
- ٢٠١٣ بڕوانامەی وانەوتنەوەی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە
- ٢٠٢٢ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ جاری دووەم بەمەبەستی خوێندنی دکتۆرا

ئەزموونی وانەوتنەوە:
- ١٩٩٧-١٩٩٨ وانەبێژ لە چالاکی قوتابخانەکان بەشی موزیک
- ١٩٩٨-١٩٩٩ وانەبیژ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر
- ١٩٩٩-٢٠٠٠ وانەبێژ لە ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ بواری موزیک
- ٢٠٠١-٢٠٠٢ مامۆستا لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی
- ٢٠٠٨-٢٠٠٩ مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان
- ٢٠٢١-٢٠٢٣ وانەبێژ بووە لە زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی بنیاد بەشی باخچەی ساوایان
- ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆلێژی هونەر بەشی موزیک بووە لە زانکۆی دهۆک و بەردەوامە لەوانەبێژی تیایدا.
- ٢٠١٠ تا ئێستا ستافی ئەکادیمی و مامۆستا بووە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک

توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
- https://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR/article/view/١٩٨٠/١٠٩٧
- کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٦٢- ٢٠٢٥
- ڕۆڵ و پێگەی ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٢٥
- The main principles of song and music and their relationship to children's literature and the foundation of children's kowledge in education and Teaching
- Use of Kurdish poem, melody and songs in funeral and condolence ceremonies
- گرنگی داتاشراوە دێرینە کان لە پێگە ی گۆرانی و موزیکی ڕۆژهە ڵاتی ناوەڕاست
- کاریگەری موزیکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی هۆشیاری گەنجان
- سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە ( باب سەردار ) بەنموونە
- استخدام الشعر و اللحن و الاغاني الكوردية لترنيمة جنائزي الحزينة في مراسيم الفاتحة و العزاء
- المباديء الاساسية لتربية علم كونترابنط لتاليف الموسيقى الشرقية

- بەکارهێنانی شیعر و ئاواز و گۆرانی لەشین و لاوانەوەدا
- تێڕوانینی قوتابخانەی سوڵتان کۆدای لەبواری گۆرانی و موزیک لە پەروەردە و فێرکردندا
- سه ره تایه کی میزوویی بو کورانی و موزیکی کوردی
- فرقة باواجي الموسيقية و دورها في الحفاظ على تراث الشعبى لمنطقة كويسنجق
- کاریکەری موزيك لەسەر ئاستی زیرەکی قوتابیانی زانکوی صلاح الدين هەولير
- ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لوپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە

کۆنفرانس و خولەکان

- بەشداری لە دووەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی دیالا کردووە بە توێژینەوەی زانستی لەژێر ناونیشانی (بالتربية والفنون ترتقي اجيال الغد) لە ٢٤-٢٦-٥-٢٠٢٢

ئەندامیەتەکان

- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی عیراقی
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
- ئەندامی کارای ژوری بازرگانی کوردستان
- سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی مافی هونەرمەندانی کوردستان
- سەرۆکی تیپی موزیکی نەورۆز بۆ موزیکی سونەتی

ئەکاونتی تۆرە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان:

- https://academics.su.edu.krd/profile-admin/index.php?p=research-register
- https://www.researchgate.net/profile/Chiey-Kamal
- https://scholar.google.com/citations?user=LTLUsooAAAAJ&hl=ar-
- https://orcid.org/٠٠٠٩-٠٠٠٧-٤١٨٠-٥٢٣٤